# ڕەوشی ئایینی و زانایانی قەزای ئامێدی ١٨١١-١٩١٤ز لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا

پ. ی. د. موحەممەد کەلالەیی
(زانکۆی سۆران- فاکەڵتی ئاداب/ بەشی مێژوو)
( ٢- ٢ )

ئەمە هەر وەنەبێت شێخانی بامەڕنی بەبەردەوامی کێشە و ململانێیان لەگەڵ دانیشتووانی ناوچەکەیان هەبووبێت، بەڵکوو بەپێی نووسراوێکی ژمارە (١١٥١٩)ی وەزارەتی ناوخۆی عوسمانی لە ٧ی کانوونی یەکەمی ١٨٩٤ز، ئاراستەی سەرۆکایەتی حکوومەتی عوسمانی کردووە، کە نیشانەی مەجیدی بە پلەی پێنجەم بدرێت بە هەر یەک لە شێخەکانی بامەڕنی بە ناوی (بەهائەددین ئەفەندی و عەلائەددین ئەفەندی)، ئەمەش لە ئەنجامی ڕۆڵی کارایان لە نەهێشتنی دوژمنایەتی و هێنانەکایەی ئاشتی لەنێوان هۆزی بەرواری (١٧) و تەیارییەکان (١٨)، چونکە ئەم دوو کەسایەتییە ڕۆڵێکی گەورەیان لە دابینکردنی ئاشتی و ئارامی لە ناوچەکەیاندا بینیوە، هەر لەبەر ئەمەشە ویلایەتی مووسڵ بە دوو نووسراو، لە ٢٥ی ئاب و ٣ی تشرینی دووەمی ١٨٩٤ز، وەک پاداشتێک جەختی لە پێدانی ئەو نیشانەی مەجیدی بۆ ئەم دوو کەسایەتییە ئاشتیخوازەی قەزای ئامێدی و ناوچەی بەهدینان کردووەتەوە.

شەڕ و ململانێی نێوان هۆزەکانی کوردستان زۆربەی جار بوونەتە ڕۆژەڤێکی گەرمی نێو دامەزراوەکانی عوسمانی، ئەو دامەزراوانە وێڕای کۆکرکردنەوەی زانیاری و خستنەڕووی چارەسەر، سزا و پاداشت بۆ لایەنە ناکۆکەکان (هۆزەکان)، ئەوە هەوڵ و هیممەتی خانەقا و تەکییەکانی ڕێبازەکانی سۆفیگەریان بەرز نرخاندووە، لەوانە باسکردنی ڕۆڵ و کاریگەری (شێخ بەهائەددین ئەفەندی بامەڕنی) بۆ نەهێشتنی شەڕ و ناکۆکی

لە نێوان هۆزی ڕێکانی (١٩) لە قەزای ئامێدی و هۆزی ئۆرەماری (٢٠) لە سەنجەقی هەکاری لە ویلایەتی واندا، ئەمەش بەپێی نووسراوێکی کۆمیسیۆنی وەڵامدەرەوەی خێرای چاکسازییەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عوسمانی، لە ڕۆژی ٦ی کانوونی دووەمی ١٩٠٢ز هاتووە، هەڵبەتە بۆ نرخاندنی ڕۆڵ و کاریگەری شێخانی بامەڕنی لە ئاشتەوایی جڤاکی و هێنانەکایەی ئارامی لە ناوچەی بەهدینان، بۆیە بە تەواوی بۆ سەرووی خۆیان (سەرۆکایەتی حکوومەتی عوسمانی) ئەم ڕۆڵەی خانەقای (بامەڕنی)یان ڕوون کردووەتەوە، ئەمەش لە دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆری شێخەکانی بامەڕنی بووە، توانیبوویان لە ڕۆژی دووشەممەی ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٠١ز، کۆتایی بە ناکۆکی و دووبەرەکی نێوان هۆزەکانی ڕێکانی و ئۆرەماری بهێنن، وادیارە وردەکاریی ئەم کێشەیە لە نووسراوێکی والیی ویلایەتی مووسڵ (حاجی ڕەشید پاشا ١٩٠١- ١٩٠٢) لە ڕۆژی ٢٦ی ئاداری ١٩٠٢ز بە تەواوی ڕوون کراوەتەوە، هەروەها هەوڵی تری ئاشتەوایی خانەقای بامەڕنی بە سەرکردایەتی (شێخ بەهائەددین ئەفەندی) بۆ وەزارەتی ناوخۆی عوسمانی خستووەتەڕوو، بەتایبەتی لە ئاشتکردنەوەی هەردوو هۆزی (بەرواری) لە ئامێدی و (تەییاری سریانی) لە هەکاری، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەرپرسانی عوسمانی لە مووسڵ بۆ سەرووی خۆیان لە ئیستەنبوڵ ئاماژەیان بە بارودۆخی قەزاکانی زێبار و ئامێدی لە نەبوونی شەڕ و ناکۆکی لە نێوان هۆزەکانی ئەم دوو قەزایەدا کردووە، تەنیا بۆ ڕۆژێکیش! بەڵام هەر ئەو بەڵگانەی خرانە ڕوو لە پێوەندی نێوان هۆزەکان وەڵامێکی کورت و پوختی کاربەدەستە گەندەڵ و لێنەهاتووەکانی عوسمانییە لە ویلایەتی مووسڵ، هەروەها ئاماژەیان بە دەرکەوتنی ڕۆڵی هاوکاری شێخ (موحەممەد سەدیق کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری) لە ناوچەی هەکاری و ویلایەتی وان بۆ هێنانەکایەی ئاشتی لە نێوان هۆزەکانی ناوچەکەدا کردووە.

ئەم بارودۆخەی دووبەرەکی و ناکۆکیی نێوان هۆزەکانی قەزای ئامێدی و سەنجەقی هەکاری لە ویلایەتی وان بێ پێشینە نەبووە، بەڵکوو دامەزراوەی سەربازی عوسمانی، بەتایبەتی سەرۆک لەشکری عوسمانی لە کۆشکی یەڵدز (کۆشکی حوکمڕانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ١٨٧٦ - ١٩٠٩ز)، لە ٢٧ی نیسانی ١٩٠١ز ناکۆکی لە مێژینەی نێوان هۆزەکانی ئاماژەپێکراو بۆ سەرۆکایەتی حکوومەتەکەی خستۆتەڕوو، کەوا هۆزەکانی ناوچەی بەهدینان شەڕی یەکتریان کردووە و پێشێلکارییان لە دژی یەکتری کردووە، بۆیە سەربازانی عوسمانی لەگەڵ فەرماندەکانیان بۆ دامرکاندنەوەی شەڕی نێوانیان چوونەتە ناوچەکانیان، هەروەها مەفرەزەیەکی سپای عوسمانیش لە ئامێدی هاوکاری کردوون، ئەم چارەسەرە سەربازییانە بە هەر یەک لە فەرماندەی فیرقەی ١٢ و سپای شەشەمی عوسمانی لە عێراق و حیجاز سپێرراوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات لە پێش هاتنەکایەی چارەسەری و بەرپاکردنی ئاشتەوایی لە نێوان هۆزەکان، لەلایەن ڕێبەرانی خانەقای (بامەڕنی)یەوە، ئەوە چارەسەری سەربازی پێش خراوە، بەڵام ئەمە بۆ دامرکاندنەوەی هەڵچوون و شەڕی چەکداریی نێوان هۆزەکان بووە، دواتریش چارەسەری ئاشتەوایی و ئاشتبوونەوە خراوەتەگەڕ، وەک ئەوەی پێشووتر ئاماژەمان بۆ کرد لە بەرپاکردنی ئاشتەوایی لە نێوان هۆزەکانی ڕێکانی و ئۆرەماری، هەروەها بەرواری و تەیارییەکان بە دەستپێشخەری و لێهاتوویی شێخانی خانەقای بامەڕنی.

## فەریزەی حەج

ئەنجامدانــی فەریــزەی حــەج وەک بنچینەیــەک لــە ئایینــی پیــرۆزی ئیســلام لــە ئیمپراتۆریەتــی عوســمانی زۆر بــە گەرموگــوڕی پێشــوازی لــێ کــراوە، بۆیــە لــە نێــو دۆســییەکانی ئەرشــیفی عوســمانی رووبەڕێکــی گــەورەی بــۆ تەرخــان کــراوە، بــە تایبەتیــش لــە نێــو ڕاپەوی دامەزراوەکانیانــدا زۆر باسوخواســی ئەنجامدانی فەریــزەی حــەج لەلایــەن بەرپرســانی کارگێــری ناوچــە جیاوازەکانــی ئیمپراتۆریاکــەوە هەیــە، بــۆ نموونــە: لــە مــاوەی ٣ی شــوبات تــا ٢٩ی ئایــاری ١٨٩٢ز لــە وەزارەتــی ناوخــۆی عوســمانی باسوخواســێکی زۆر گــەرم دەربــارەی (ئەحمــەد شــاکر بــەگ)ی قائیمقامــی قــەزای ئامێــدی هاتووەتەکایــەوە، بــۆ ئــەوەی ناوبــراو فەریــزەی حــەج لــە ٢٧ی حوزەیرانــی ١٨٩٢ (ڕۆژی یەکەمی مانگی زیلحیجەی ساڵی ١٣٠٩ی کۆچی) لە خاکــی حیجــاز بەجــێ بگەیەنێــت، هەرچەنــدە ناوبــراو بڕیــاری گەشــتکردنی بــۆ خاکــی حیجــاز دابــووە، وەزارەتەکەیشــی لەســەر ڕۆیشــتنەکەی ڕازی بــووە، بــەڵام ڕووبــەڕووی کۆمەڵێــک ئاڵنــگاری بووەتــەوە. وەک لــە ڕۆژی ٣ی شــوباتی ١٨٩٢ز نووســراوی مۆڵەتەکــەی ڕەوانــەی وەزارەتــی خەزێنــە و دارایــی کــراوە، بەپێــی قانوونــی فەرمانبەرانــی عوســمانیش ئــەو فەرمانبــەرەی بــۆ کاروبــاری بەڕێوەبردنــی قەزاکە بــە شــێوازی وەکالــەت ڕادەســپێرڕێت، ئــەوە مووچــەی پایــەی قائیمقامــی، یــان هیــچ مووچەیەکی پێنادرێت. ئەمــەش ناوبــراوی ڕووبــەڕووی ئاڵنگارییەکــی ســەخت کردووەتــەوە، چونکــە هیــچ فەرمانبەرێــک ئامــادە نەبــووە بــە وەکالــەت پۆســتەکەی بەڕێــوە ببــات، هەروەهــا بەپێــی قانوونــی عوســمانی ئــەو کەســەی دەچــووە حــەج، ســەرجەمی مووچەکــەی بــۆ خــەرج دەکــرا، وادیاریشــە مووچــەی ناوبــراو (٢٥٠٠) قــروش بــووە!

هەڵبــەت ئــەم کێشــەیە بــە زوویــی نەبڕاوەتــەوە و هێشــتایش کەمتــر لــە مانگێکــی مابــوو بــۆ دەســتپێکردنی وەرزی حەجکردنــی ســاڵی (١٣٠٩ی کۆچــی- ١٨٩٢ی زایینــی)، بۆیــە دیســان تۆمــاری قەڵەمــی وەزارەتــی ناوخــۆی عوســمانی ڕۆژی ٢٩ی ئایــاری ١٨٩٢ز ڕوونکردنەوەیەکــی تــری بــۆ ویلایەتــی وان نــاردووە، ئــەوەی بیرهێناوەتــەوە هەتــا هیــچ کەســێکیش لــە ناوەنــدی ســەنجەقی لیــوای هــەکاری ئــارەزووی نەکــردووە، ئــەو پۆســتە بــە وەکالەتیــش وەربگرێــت، بــەڵام ئەوەیشــی بــە والیــی ویلایەتــی وان ڕاگەیانــدووە، کــە کێشــەی پڕکردنــەوەی پۆســتی قایمقامــی قــەزای ئامێــدی گەیشــتووەتە ســەرۆکی ئەنجوومەنــی وەزیرانــی عوســمانی (جــەواد ئەحمــەد پاشــا) و شــوورای دەوڵــەت، لــە کۆتایــی ئــەم نووســراوەدا چارەســەری کێشــەکە بــۆ هــەر یــەک لــە (بەڕێوەبــەری دارایــی و نائیبــی قایمقــام) خراوەتــەڕوو، کــە بــۆ مــاوەی مانگێــک پۆســتەکە بــە وەکالــەت بەڕێوەبــەرن.

ئــەم هەمــوو هێنــان و بردنــەی فەرمانبەرانــی دەوڵــەت لــە ئیمپراتۆریەتەکــە، بەتایبەتیــش فەرمانبــەری ناوچەییــەکان شــینەکەیان بــۆ هەریســەکە (مووچــە) بــووە، نــەک بــۆ هــۆکاری تــری وەک: ســەرقاڵی و نەشــیاوییان بــۆ بەڕێوەبردنــی پۆســتەکە بووبێــت، بەڵکــوو ئامادەنەبوونــە پۆســتێک بۆ مــاوەی یــەک مانــگ بــە شــێوەی وەکالــەت ســەرەڕای کارەکەیــان بەڕێوەبــەرن، بۆیــە بــۆ مــاوەی چــوار مانگ کێشــەیەکیان هێناوەتــە ئــاراوە بــۆ پۆســتی کەســێک، ویســتوویەتی بنچینەیــەک لــە بنچینەکانــی ئایینەکــەی (ئیســلام)، کــە حەجەکــە جێبەجــێ بــکات، بــەڵام پاڵنەرەکانــی پشــت ئــەم کێشــەیە لــە دوو هــۆکاری ســەرەکی بــەدەر نەبوونــە.

**یەکەمیــان:** گەندەڵبــوون و لاوازبوونــی دەســەڵاتی مەرکــەزی دامەزراوەکانــی عوســمانی و کەســێتیەکانی نێــوی لــە ڕووی مرۆیــی، ئەخلاقــی و هەتــا ئایینیــش.

**دووەمیــان:** ئیرەیــی و حەســوودی فەرمانبــەران بــە یەکتــری، ئەمــەش نەخۆشــییەکی درێژخایەنــی نێــو دامــەزراوە کارگێڕییەکانــی دنیایــە، هەتــا لــە دنیــای ئیمپراتۆریەتــی عوســمانیش کاریگەرییەکــی زۆر و

بەربڵاوی لەسەر بەڕێوەچوونی کارە کارگێڕییەکان هەبووە، تا ئێستایش ئەم میراتی ئیرەیی و حەسوودییە بۆ فەرمانبەرانی ئەو دەوڵەتانەش لە خۆرهەڵات ماوەتەوە، کە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابوردوو لەسەر میراتی خاکی عوسمانی هاتنەکایەوە! بۆیە لە مێژووی مێژوونووسی کوردی و عوسمانیدا کەمترین توێژینەوە، یان نووسین لە سەر ئەم پاڵنەرە دەروونییە نووسراوە.

## موفتی ئامێدی

لە هەیکەلی کارگێڕیی عوسمانی یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی بەڕێوەبردن و کارگێڕی پلەی (موفتی) بووە، بە تایبەتیش لە قەزا، سەنجەق و ناوەندی ویلایەتەکاندا، هەروەها موفتی ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی ئەم یەکە کارگێڕییانە بوو، کە ئاماژەیان پێ کرا. بۆیە والیی ویلایەتی مووسڵ (سلێمان نەزیف) لە نووسراوێکی تایبەتی بە ژمارە (٣٥) بۆ دامەزراوەی شێخولئیسلامی لە شاری ئیستەنبوڵ ناردووە، تێیدا ڕوونی کردووەتەوە لە دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە ئامێدی ئەو (ئەحمەد ئەفەندی کوڕی ئەسعەد ئەفەندی زادە) هەڵبژێرراوە، هەروەها هۆکاری هەڵبژاردنی ناوبراویشی خستووەتەڕوو، لەبەر ئەوەی جێگەی باوەڕ و متمانە بووە! ئەمەش ئەو بارودۆخەی هەستیارەی ئەو کاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە سەرەتاکانی بەشداربوونی لە شەڕە گەورەکەی جیهان لە ماوەی ساڵانی ١٩١٤ - ١٩١٨ز دەردەخات، هەروەها حکوومەتی ئیتحاد و تەرەققی ئەو کەسانەی هەڵدەبژارد و دەبوونە جێگەی متمانەی کە هیچ بەرهەڵستی و ناکۆکییەکی لەگەڵ سیاسەتی پەیڕەولێکراوی ڕۆژانەی ئەوان نەبوویێت، بەتایبەتیش دوای بەرپابوونی شۆڕش لە ناوچەی بارزان بە سەرۆکایەتی (شێخ عەبدولسەلامی دووەمی بارزان ١٨٨٧- ١٩١٤ز) دژ بە سیاسەتە چەوسێنەرە تۆرانییەکانی حکوومەتەکەی ئیستەنبوڵ، هەرچەندە لە ساتەوەختی هەڵبژاردنی موفتی ئامێدی ڕابەری شۆڕشی بارزان لە بەندیخانەی مووسڵ تەنیا مانگێکی مابوو لە سێدارە بدرێت، بەڵام پیشەکێشکردنی زانایان و شێخانی تەریقەتە جیاوازەکانی کوردستان و بە تایبەتی لە ناوچەی بەهدینان و سلێمانی کە دژ بە سیاسەتی ئیتحاد و تەرەققیەکان بوون، ئەوە کارێکی لە پێشینەیان بوو لە هەموو ویلایەت و ناوچە جیاوازەکانی سەرانسەری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، ئەو سیاسەتەی خۆیان جێبەجێ بکەن.

## ئەنجام

لە ئەنجامی نووسینی ئەم وتارە زانستییەدا، توێژەر ئەم دەرئەنجامە زانستییانەی خوارەوە دەخاتەڕوو:

**یەکەم:** ئەرشیڤی عوسمانی سەرەڕای کێماسییە داتاییەکانی بۆ بەردەستنەبوونی سەرجەمی بەڵگەنامەکانی نێوی بۆ توێژەران، بەڵام سەرچاوەیەکی دەگمەن و بەراییە بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی نوێی کورد و کوردستان لە ماوەی حوکمڕانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە کوردستان بۆ ماوەی ساڵانی ١٥١٤-١٩١٨ز و هەتا هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتەکە، سەرەڕای ئەمەش هێشتا خەزێنەیەکە بە تەواوی هەموو کونج و کەلەبەرەکانی نەپشکنراون، چونکە بە ملیۆنان بەڵگەنامەیە و کەمترین لێکۆڵینەوە و وتاری زانستییان لێ هەڵهێنجێنراوە، هەقە هەموو توێژەرانی کورد لە پسپۆڕانی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد و کوردستاندا ڕوو لەو ئەرشیڤخانەیە بکەن و لێکۆڵینەوەکانیان لە سەر بنەمای ئەم ئەرشیڤە بنووسن، ئەوەی تا ئێستایش نووسراوە، مشتێکی زۆر زۆر بچووکە لە خەروارێکی زۆر زۆر مەزن!

**دووەم:** ناوچەی بەهدینان و ئامێدی؛ شێوازی پێکهاتنی جڤاکی لەگەڵ ناوچەکانی تری کوردستان بە ڕادەیەکی زۆر بەرز جیاوازی هەبووە،

چونکە خاوەنی هۆزی زۆر جیاواز بووە، نەتەوە و ئایینی جیاوازی هەبووە، بێجگە لەهەبوونی سەدان قوتابخانەی ئایینی (حوجرە و مەدرەسە)، خانەقا و تەکییەی تەریقەتەکانی سۆفیگەری، سەرەڕای ئەوەی میرنشینی ئامێدی بە بەردەوامی کێشە لەنێوان میراتگرانی کورسی میرایەتیشیدا هەبووە، لەلایەکی تریشەوە پێکدادانی نێوان هۆزەکانیش هەر هەبووە، بەڵام بۆ زۆربەی کات؛ ئاشتی و ئارامی کۆمەڵایەتی و ئایینی باڵی بە سەر ناوچەکەدا کێشابوو، ئەمەش بە هەوڵ و هیممەتی کەسایەتییە بەهێزەکانی وەک خانەقەی بامەڕنی لە ناوچەکەدا بەرقەرار بووە.

**سێیەم:** کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەلایەن کاربەدەستان و دامەزراوەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە دوورترین ناوچەکانی ئیمپراتۆریەتەکەدا، خاڵێکی بەهێزی بەڕێوەبردن و چاودێری بووە، بە تایبەتیش لە چاودێریکردنی گرووپە ئایینییەکانی وەک: جوو و مەسیحی، هەروەها هەوڵدان بۆ هێنانەکایەی ئاشتی و ئارامی لە نێوان هۆزە موسوڵمان و مەسیحییەکان لە ناوچەی بەهدینان، ئەمەش بۆ بەرگرتن بووە لە بڵاوبوونەوەی ڕق، دووبەرەکی و شەڕ وماڵوێرانی لە نێوان پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان، ئەمەش بۆ ئەو سیاسەتەی عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە، کە لەو سەروبەندەیدا بزووتنەوەی نەتەوایەتی بە توندی بەرۆکی ئیمپراتۆریەتەکەی گرتبوو، بەتایبەتیش لە سنوورەکانی خۆرئاوای واتە: لە ناوچەکانی باشوور و خۆرهەڵات و ناوەڕاستی ئەورووپا، کە بۆ ماوەی چەندان سەدە لە ژێر بەڕێوەبردنی کارگێڕیی عوسمانیدا بوون، بۆیە ئیمپراتۆریەتەکە نەیدەویست لە سنوورەکانی خۆرهەڵاتیش بەرەیەکی تری بۆ بکرێتەوە، بە تایبەتتریش لە هاتنەئارای پێکدادانی ئایینی و جڤاکی لە کوردستان و ناوچەی بەهدینان، بۆیە ڕۆڵێکی گەورە و یارمەتییەکی باشی شێخەکانی ڕێبازەکانی سۆفیگەری لە کوردستان و بەتایبەتیش لە قەزای ئامێدی دەدا، وەک ئەوەی لە بەڵگەنامەکاندا خرانەڕوو.

**چوارەم:** لەدوای ڕووخانی میرشنینەکان؛ ڕۆڵ بە دوو توێژی کۆمەڵایەتی-ئایینی لە کوردستان بەخشرا، بۆ ئەوەی بۆشایی نەمانی دەسەڵاتی میرنشینەکان پڕ بکەنەوە.

**یەکەمیان:** ئاغاکان (لە دەسەڵاتداریەتی گوندێک تا ناوچەیەکی بەرفراوان)، ئەمەش بە ئامانجی دابەشبوونێکی قووڵبوو لە دواڕۆژی کوردستاندا، بۆ ئەوەی هەر کەسێک دەسەڵاتێکی ئەوتۆشی نەبێت، خۆی بە سەرکردە بزانێت و ئامادەش نەبێت لەگەڵ براکانی ڕێککەوتن بکات و بە خۆشی و ئاشتی پێکەوە بژین و قەوارەیەک بۆ کورد بێتەکایەوە.

**دووەمیان:** شێخەکانی تەریقەت، هەرچەندە ئەو سیاسەتەی لە دامەزراندنی ئاغاکان لە شوێنی میری میرنشینەکاندا کتومت بەسەر ڕابەرانی ڕێبازەکانی سۆفیگەری جێبەجێ نەکرا، بەڵام ئەم سیاسەتە دووبەرەکییە شێخەکانیشی گرتەوە بۆ ئەوەی دووبەرەکی و ناکۆکی و شەڕ لە نێوان خانەقا و تەکییەکان و ڕێبەرەکانی تەریقەت دروست بکەن، هەرچەندە ئەوان بەسەر ئەم جۆرە سیاسەتەدا زاڵبوون، بەڵکوو هەتا ڕادەیەک مێزەکەیان بە سەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا هەڵگێڕایەوە، ئەمەش بە گرتنەبەری دوو ڕێگە.

**یەکەم:** هێنانەکایەی ئاشتی و تەبایی لە نێوان پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتیش لە نێوان موسڵمانان و نا موسڵمانەکان، بەڵکوو شێخەکانی تەریقەت لە بەهدینان وەک: کلیلی چارەسەری ئاشتی لە قەڵەم دران، هەتا حکوومەتی عوسمانی ناچار بووە خەڵاتیان بکات، وەک ئەوەی لە بەڵگەنامەکاندا دەرکەوتووە پێشتر عوسمانییەکان چارەسەری سەربازییان پێشکەش کردووە بۆ سەرکوتکردنی هۆزە موسوڵمان و ناموسڵمانەکان لە بەهدینان، بەڵام سەرکەوتوو

**نەبوونە، بۆیە هەر پەنایان بۆ شێخەکانی تەریقەت بردووەتەوە.**

**دووەم: بەرپاکردنی شۆڕش و ڕاپەڕین لە دژی سیاسەتەکانی حکوومەتی عوسمانی، بە تایبەتیش لە هەمبەری سیاسەتە تۆرانییەکانی ئیتحاد و تەرەققی، لەوانە: شۆڕشی شێخ عەبدولسەلامی دووەمی بارزان.**

**پێنجەم: دابینکردنی بژێوی و بە تایبەتیش تەرخانکردنی مووچە بۆ کەسایەتی، زانا و شێخەکانی تەریقەت، لە ئەوپەڕی سنوورەکانی خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ ئەو سەردەمەی، کە هۆکارەکانی هاتوچۆ و پێوەندی زۆر سادە و ساکار بوونە، بەڵام بەدواداچوون و لێپرسینەوە و بەدەمەوەچوونی داواکارییەکان لە ئاستی باڵای وەک: سوڵتان، سەرۆک وەزیران، وەزیرەکان، والییەکان و بەرپرسە ناوچەییەکاندا هەبووە، چونکە ئەم توێژانەی لەم وتارە زانستییانەدا خراونەتەڕوو لە پێکهێنەرە سەرەکییە ناوخۆییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، خوێندەواری، زانستی، ئایینی و هەتا سیاسیی ئەو سەردەمیشدا بوونە، بۆیە نەیانویستووە ئەم توێژە ڕووبەڕووی پەرێشانی و لەناوچوون ببێتەوە، هەرچەندە لە هەندێک قۆناغیشدا هەوڵی بڕینی بڕی خۆراکی تەرخانکراوی تەکییە و خانەقاکانیان داوە، بۆ نموونە: خانەقای (بامەڕنی)، هەروەها هەندێک جار وەڵامی دابینکردنی مووچەی زانایان نەداوەتەوە، وەک ئەوەی لە ناواخنی بەڵگەنامەکاندا خراونەتەڕوو.**

**پەراوێزەکان:**

(١٧) هۆزی بەرواری: بەرواری ناوی ناوچە و هۆزێکی گەورەیە لە ناوچەی بەهدینان، ناوچەی بەرواری باڵا دەکەوێتە باکووری پارێزگەی دهۆک، کۆی گشتی ڕووبەرەکەی (٦٠٨) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و لە (٨٢) گوندان پێکهاتووە، هەروەها بەرواری خواروو دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی پارێزگای دهۆک، ئەم بەشەی بەرواری خواروو دابەشی سەر چوار کەرتی سەرەکی دەبێت. وەک ناوچەکانی: سپیندارا، ڕووباری، بەرۆژ و نەهلە، کۆی گشتی گوندەکانی بەرواری ژێری لە (٥٣) گوند پێکدێت.

(١٨) هۆزی تەییاری ژووروو: ئەم هۆزە لە بنەڕەتدا سریانین، ناوچەی هەکاری و بە تایبەتیش جۆلەمێرگ مەڵبەندی سەرەکی ئەم هۆزە بووە، هەروەها لە سەدەی نۆزدەهەم بۆ کۆتایی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم ڕووبەڕووی کۆمەڵێک دابەشبوون و پێکدادانی دژوار لەگەڵ هۆزەکان و دەسەڵاتدارە ناوچەییەکان بووەوە.

(١٩) هۆزی ڕێکانی: ئەم هۆزە یەکێکە لە بە ناوبانگترین هۆزەکانی ناوچەی بەهدینان، بۆیە (ڕێکان) هەم ناوی ناوچە و هۆزەکەشە، شوێنی هۆزەکە دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی شاری ئامێدی، بۆیە مێژوویەکی دێرینی هەیە و لە سەرچاوە مێژووییەکان هەر لە سەدەی سێزدەهەم ناوی زاناکانی هێنراوە، هەروەها لە ماوەی ساڵانی ١٨٧٥-١٩١٨ز لە هەیکەلی کارگێڕی عوسمانیی لە ئاستی ناحیە دابووە و هەر جارەی لە چوارچێوەی قەزاکانی وەک: ئامێدی، داودیە و هەکاری لە ویلایەتەکانی وەک: بەغدا، مووسڵ و وان -دا بووە.

(٢٠) هۆزی ئۆرەماری: شوێنی نیشتەجێبوونی ئەم هۆزە ناوچەکانی هەکاری، بەتایبەتی ناحیەی یوکسێکۆڤایە لە پارێزگەی هەکاری لە باکووری کوردستان، ئەم هۆزە مێژوویەکی دێرینی هەیە و زۆر بە بەرفراوانی لە ناوچەکەی بڵاوبووەتەوە، لە سەردەمە مێژووییەکانەوە بە زۆر ناوی جیاواز ئاماژەی پێ کراوە. وەک: ئۆرەمار، خۆرەمار، یان هۆرەمار، هۆرامار، هەورامان و ئۆرەمان. لە ماوەی ساڵانی ١٨٩٠ز ئۆرەمار قەزایەکە لە دوو ناحیەی وەک (جیلۆ و شیتازین) پێکدێت لە سەنجەقی هەکاری ویلایەتی وان بووە، هەروەها بەپێی تۆماری دانیشتووانی ساڵی ١٨٩١ز قەزاکە ژمارەی موسڵمانانی (١٤٨٧٠) کەس و ژمارەی نەستوورییەکان (مەسیحییەکان) (١١٠٤٠) کەس

بـووە.

## لیستی سەرچاوەکان:


**یەکـەم: بەڵگەنامــەی بڵاونەکـراوە:** سـەرۆکایەتی فەرمانگـەی ئەرشـیڤی عوسـمانی لـە ئیسـتەنبوڵ (Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı):

1-(BOA): DH.ŞFR.540/19.

2-(BOA): DH.ŞFR.173/53.

3-(BOA): ŞD.2173/10.

**دووەم: بەڵگەنامەی بڵاوکراوە:**

د. نـەوزاد یەحیـا باجگر (ئامادەکـردن و پێشکەشکردن): ئامێدی (عەمادیە) لـە بەڵگەنامەکانی عوسـمانیدا ١٢٢٦-١٣٣٨ کۆچی-١٨١١-١٩٢٠زاییـنـی، وەرگێرانـی: ئاشـتی ڕەحمـان، بەرگـی شـازدە، لـە بڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهـان -خانەی ئەرشـیف و بەڵگەنامـەکان، هەولێـر، ٢٠٢٤.

1-(BOA): HAT.975/41442-E.

2-(BOA): A.MKT.UM.408/70-1.

3-(BOA): I.DH.468/31340.

4-(BOA): I.ŞD.31/1536.

5-(BOA): A.MKT.UM.1793/46-1.

6-(BOA): DH.MKT.1537/23.

7-(BOA): DH.MKT.1942/31.

8-(BOA): DH.MKT.1947/52.

9-(BOA): DH.MKT.1954/103.

10-(BOA): DH.MKT.242/36-1.

11-(BOA): DH.MKT.252/20-1.

12-(BOA): BEO.413/30931-1.

13-(BOA): BEO.427/31963.

14-(BOA): DH.MKT.286/34-2.

15-(BOA): BEO.838/62786-1.

16-(BOA): DH.TMIK.116/65-2.

17-(BOA): DH.TMIK.M.121/6.

18-(BOA): Y.PRK.ASK.169/17.

19-(BOA): DH.MKT.915/66-1.

20-(BOA): BEO.2467/184951-1-2.

21-(BOA): IST.MFT.MSH.SAID.189/14.

**سێیەم: کتێب:**

**ئەلیف: بە زمانی کوردی:**

١- مـەلا طاهـر مـەلا عبداللـە بەحرکەیـی، مێژووی زانایانی کورد، بـەرگ١-٣، چ٢، نووسـینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنـەوە و ڕاگەیانـدن، ٢٠١٦.

٢- هێـرش کەمـال ڕێکانـی، عەشـیرەتێن بەهدینـان ١٥١٤-١٩١٩: دانەنیاسـینا جوگرافـی و کورتیـەک ژ دیرۆکا وان، ژ وەشـانێن زانکۆیا دهـۆک- سـەنتەرێ بێشـکچی بـۆ ڤەکۆلینێـن مرۆڤایەتـی، دهـۆک، ٢٠١٩.

**بێ: بە زمانی عەرەبی:**

١- جاسـم عبداللـە شـلال، علمـاء قدمـوا الـى الموصـل مـن الكـرد ومـن كردسـتان، مطبعـة هـاوار، مـن منشـورات مديريـة الطباعـة والنشـر فـي دهـوك، دهـوك، ٢٠١٢.

٢- سـيد اسـماعيل سـيد طاهـر الشوشـي، مذكـرات سـادات شـوش: للسـيد سـليمان الحسـيني العمـادي الشوشـي وابنـه السـيد عبداللـه وحفيـده السـيد طاهـر وابـن حفيـده السـيد مـلا سـعدي فـي الأنسـاب والأحداث والشـخصيات مـن الأمـراء والعلمـاء والسـادات والمشـايخ فـي بهدينـان، مطبعـة خانـى، دهـوك، ٢٠٢٥.

٣- عبـاس العـزاوي (المحامـي)، عشـائر العـراق، المجلـد ١-٢، ط٢، مكتبـة الحضـارات، بيـروت-لبنـان، ٢٠١١.

جێ: بە زمانی تورکی:

1-İbrahım Bozkurt; Aşireler Tarihi‹ Nubihar Yayınlar‹ Istanbul‹ 2022.

**چوارەم: فەرهەنگ:**

**ئەلیف: بە زمانی کوردی:**

١- عەبدوڵـڵا غەفـوور، فەرهەنگـی جوگرافیایـی دهـۆک، چاپخانـەی زانکـۆی سـەلاحەددین-هەولێر، هەولێـر، ٢٠١٩.

بێ: بە زمانی عەرەبی:

١- د.حسـان حـلاق و د.عبـاس صبـاغ، المعجـم الجامـع فـي المصطلحـات العثمانيـة، دار النهضـة العربيـة، بيـروت - لبنـان، ٢٠٠٩.

٢- الدكتـور عمـاد عبدالسـلام رؤوف، المعجـم التاريخـي لإمـارة بهدينـان، مطبعـة الحـاج هاشـم، مـن منشـورات الاكاديميـة الكرديـة، أربيـل، ٢٠١١.